# زانایانی پیرخدری

لەبووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد
لەڕێگای دەستخەتەکانیانەوە


دانەران

پارێزەر
ئەحمەد حەمید گەرمکی پیرخدری

سەید
ئەنوەر کامل گەرمکی پیرخدری



لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری
کوردستانی عێراق - سلێمانی (زنجیرە ١)

٢٠٠٩ ز - ١٤٣٠ک
چاپی یەکەم

مەڵبەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری
عێراق-کوردستان-سلێمانی
کتێبی زنجیرە (١)

# زانایانی پیرخدری

## لەبووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد
## لەڕێگای دەستخەتەکانیانەوە

دانەران:
پارێزەر
**ئەحمەد حەمید گەرمکی پیرخدری**

سەید
**ئەنوەر کامل گەرمکی پیرخدری**

چاپی یەکەم
٢٠٠٩ ز – ١٤٢٠ ك

ناوی کتێب: زانایانی پیرخدری
نووسەر: پارێزەر / ئەحمەد حەمید گەرمکی پیرخدری
سەید / ئەنوەر کامل گەرمکی پیرخدری
بابەت: مێژوویی
دیزاینی بەرگ: ئارام لوقمان
چاپخانە: چاپخانەی رەهەند _ سلێمانی ( ٠٧٧٠١٥٠٨٢٥٣ )
تیراژ: ٥٠٠ دانە
ژمارە سپاردنی ( ١٤٨١ )ی ساڵی ٢٠٠٩ی بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتی سلێمانی پێدراوە

**بسم الله الرحمن الرحيم**

يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُواْ
الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ

**سورة المجادلة**
**الآية ١١**

# پێشەکی

زانایـانی پێشوو... ئـەو بەڕێزانـەن کـەوا ماندوونـەناس بوونـە لـە خوێنـدن و بەدوواچـوونی پـاش زانـست و تێپـەڕبوون بـە تەنگەبـەریی نێـوان هەڵپـەکردن بـەدووای زانـست و پـارووی خۆراکـدا، ئـەو کەسـانەن لـەو قۆناغانـە دا کۆڵیـان نەداوە، مێشکیان کراوەبووە بۆ راکێشانی ئەو زانستانە و، لەپاشاندا بوونەتـە گەنجینەیـەکی بەخشندە و سەرچاوەی ئایین و زانـست و چراخانی کۆمـەڵگای کۆمەڵاتیەتی و ئەدەب و هونەر.

لـەکاتی هەڵپەکردنمانـدا بە دوای کتێبی مێژووییـدا لـە کتێبخانـەکانی شـاری بەغـداد سـەبارەت بـە کوردسـتان و عێـراق و ناوچـەکەوە بـەرگێکی کتێبێکـی بـە ناونیشانی سرنج راکێشەرمان بینی بەناوی (بووژاندنـەوەی مێـژووی زانایـانی کـورد لـە رێگـەی دەسـتخەتەکانیانەوە) کـە بەرهـەمی گەشـتێکی دوورو درێـژی مامۆسـتا (شـێخ محەمـەد عـەلی قـەرەداغی) یـە بـە پـشکنینی دەسـتخەتەکانی زانایانی کورد، لە پاش پەیوەندی کردن بە بەڕێزیەوە بۆمان دەرکـەوت حـەوت بەرگـە، لەبـەر نایـابی ئـەو بەرهەمـە لـە رووی مێـژوویی و ئـەدەبی و ئایینیـەوە دەستمان کەوت و بەوردی دەستمان کرد بەخوێندنـەوەی، بینیمان لـەم رووەوە مامۆسـتای بـەڕێز و خۆشەویـست شـێخ محەمـەد عـەلی قـەرەداغی خزمـەتێکی گـەورەی مێـژوویی پێـشکەش کـردووە بـە ئیـسلام ونەتەوەکـەمان لـە بـواری پسپۆریی و زانستیی دەستخەتەوە بە شێوەیەکی چالاکانەو گەشت کردنێکی بێوچان بەناو ئەوسامانە مەزنەی گەلەکەمان کە رژێمی پێشوو دەسـتی بەسـەرا گرتبوون لـە چوار لای کوردستانەوە کۆی کردبونـەوە ئەئـەر بەرامبـەر بـەپارە و یـان بـەدیاری و یـان بـەزۆرەملێ دەسـتی بەسـەرا گیرابـێ لەشـەقامی حـەیفای بەغدادا لـە فەرمانگەیـەکی بەناو (دار صدام للمخطوطـات) کۆی کردبوونـەوە ,

ماموستا توانیویه به بەدواچونێکی بەردەوامدا دەستخەت بە دەستخەت و لاپەڕە بە لاپەڕە بیخوێنێتەوە هەر وەکو خۆی دەفەرمویٚ : زۆری لێماون دەرفەتی خوێندنەوەیانم نەبووە , ڕێژەیەکی زۆر لەو دەستخەتانە هێشتا بەچاپ نەگەیشتوون و لێکۆڵینەوەشیان لەسەر نەکراوە، ماموستا حەوت بەرگی گەیاندووەتە چاپ و بڵاوکردنەوە لە ژێر ناونیشانی " بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگای دەستخەتەکانیانەوە " لەم ماندووبونەدا گەلێك بەرهەمی نوێی دۆزیوەتەوە وە هەندێکیان دووپات کردنەوەی ناوی زانایان و شاعیرانمانن یان دۆزینەوەی شیعری بڵاونەکراوەی شاعیرانی کوردن تەنانەت دۆزینەوەی شاعیری تری کورد کەتاکو ئێستا ناویان لەئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا نادیار بووە. ئێمە وەکو دوو نووسەری پیرخدری خۆمان بەقەرداری ماموستای دانەر دەزانین بەهیچ شێوەیەك ناتوانین پاداشتی چاکەی بدەینەوە بۆ ئەو خزمەت کردنەی بەهۆزیساداتی "پیرخدری" گەیاندووە خەباتی نەتەوایەتی کوردی لەکارەکەیدا بەرز دەنرخێنین و لەم بوارانەدا خزمەتی ساداتی پیرخدری کردەوەوە:

١/ دووپات کردنەوە و تەئکید کردنی لەسەر ڕاست و ڕەوانی ئینتیمای زانایان و شاعیرانی پیرخدری بۆ سەر ڕشتەی نەسەبی پیرخدری شاهۆ لەوانەی کەلە دانراو و نووسینەکانی موفتی ئیسلام و عەلامەی خوالێخۆشبوو ماموستا عەبدولکەریمی مودەریسدا هاتبوون سەرەڕای دانەرانی تری لە کورد و فارس و هەندێك نوسەری عەرەب.

٢/ گەڕانی بەڕێزی بەدووای ئینتیمای عەشایەری و بنەماڵەی زانایان و شاعیرانی تری کورد کەلە دانراوەکانی پێشوودا ناویان نەهێنراوە , لەبەر ئەوەی یەکێکین لە هۆزی پیرخدری شارەزاییەکی باشمان هەیە لە عەشیرەت و تیرە و بنەماڵەکانی تری پیرخدریدا , ماموستا چەند زانا و زانیار و شاعیرانی نویٚ و خۆشنووسی سەر بەو بنەماڵە پیرخدریانە دۆزیوەتەوە کە ئێمە دەزانین پیر خدرین ئەگەر تەنها بەناوی تیرەکانیشیانەوە ناسراوبن.

٣/ زانستیی ماموستایانی ئاینی پیرخدری و شیعری شاعیرانیان و ئەدەبی بەر فراوانیان هاندەرمان بوون بۆ ئەوەی کارەکەمان بخەینە بوواری کۆکردنەوەی ئەو کەسایەتیانەوە کە پیرخدرین و لەم کتێبەدا ناویان دەبەین بۆ خزمەت کردنی مێژووی ئەدەبی کوردی و زیندووکرنەوەی ناوی ئەهلی تەریقەت و تەصەوف لە کوردەواریدا لەم لێکۆڵینەوەیەماندا کەناومان لێنا (زانایانی پیرخدری لە رێگەی دەست خەتەکانیانەوە) لێکۆڵینەوەی(پارێزەر سەید ئەحەمەد حەمید گەرمکی پیرخدری) و (سەید ئەنوەر کامیل گەرمکی پیرخدری) ئەم لێکۆڵینەوەیەمان وەکو ئەوەیە کەلەسەر ئەصڵی دەست خەتەکان بێت چونکە لەو بەرگانەدا ماموستا خستوویەتیە بەردەستمان.

# کاری ئێمە چییە لەم لێکۆڵینەویەدا ؟

لە رووی شێوازی نووسینەوە بۆمان هەیە لە چۆنێتی دارِشتندا باسەکەمان وەکو کتێبێکی سەربەخۆ بنوسین و ئامارەی کتێبەکانی مامۆستای دانەر وەکو سەرچاوەیەك بژمێرین بەڵام ئەم حەوت بەرگە دەگاتە لە سەدا چلی سەرچاوەی باسەکەمان بۆیە:

١ . وەکو وەفادارییەك بەرامبەر خزمەتکردنەکەی مامۆستا شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی بە موسڵمانان و نەتەوەی کورد بەگشتی و هۆزی پیرخدری بە شێوەیەکی تایبەت ، بریارماندا هەڵبژاردەی ئەسڵی نووسینی حەوت بەرگەکە وەکو خۆی بنووسینەوە و نووسینەکانی ئەو بخەینە نێوان دوو جووت کەوانەوە و لە خوارەوەیش ئامارە بۆ ژمارەی ئەو بەرگەو لاپەرەکەی بکەین، لە خواریشەوە بە هەمان قەبارەی رێنووس شەرحی خۆمان لەسەری دەنووسین بە پشت بەستن بە سەرچاوەی ترەوە بۆیە کاری ئێمە لێکۆڵینەوەیە لەسەر هەڵبژاردەکانی خۆمان لە و زنجیرە کتێبانەدان، تەنها دەربارەی پیرخدریەکان و پەراوێزیشمان داناوە بۆ ئەو سەرچاوانەی ئامارەمان بۆ کردووە.

٢ ـ ئەو (دار صدام للمخطوطات) ە، کە ئەو سامانە کوردیە زۆرەی تێدایە، ناونیشانەکەی لە پاش پرۆسەی ئازادی هەڵگیرا بەڵام ناوێکی یەکگرتووی لێ نەنراوە تاکو ئێستا، هەندێ جار بە ناوی (دار العراق للمخطوطات) و هەندێ جار بەناوی (دار العراق) یان بە کورتیەکەی بەم شێوەیە: (د. ع)، بۆیە تکامان وایە خوێنەری بەرێز شارەزایی هەبێت، لەسەر ئەو دەزگایە و ژمارەی هەر دەستخەتێکیش کە پێرستی بۆ کراوە لەوێدا ئێمە ئامارەی بۆ دەکەین بەگوێرەی توانا.

٣ . کارێکی تری ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا بوواری رشتەی نەسەبە، هەندێك لەو کەسایەتیانەی ناویان بە پیرخدری نەبراوە لەئەسڵی دەستخەت و شەرحی

دانەردا، پیرخدرێتی ئەوان دەسەلمێنین بەسەرچاوەی تر و بەشۆرەتی ئەوان بە پیرخدرێتی لەناو خەڵکیدا و لەرێگای کەسانی شارەزای نەوەکانیانەوە لە کوردستاندا بە گەیاندنی رشتەی نەسەبی ناوبراوان بە پیرخدری شاهۆ یان کەسێکی ناوداری تیرەکانی پشتی پیرخدری شاهۆ وەکو شێخ حەسەنی ناسراو بە ئەبوبەکری موصەنیف و کورەکانی ،وە شێخ ئیسماعیلی عەبدالانی و بابا شێخ ئەحمەدی باینجوێی و غەیری تریان.

٤ . لە نووسینەکەماندا بەزنجیرەی بەرگەکانا ناچینەوە بەرگ لە دووای بەرگ بەڵکو نووسینەکەمان دەکەین بەزنجیرەیەك لەسەر ناودارانی پیرخدری سەرەتا لە پیرخدری شاهۆوە ئنجا ئەوانی تر بە پێی پیتە هیجاییەکان زنجیرەیان بۆ دادەنێین .

٥ . ناساندنی زانایان و شاعیرانی پیرخدری لەم لێکۆڵینەوەماندا بە خوێنەری کورد لەیەك کتێبێکداو ناساندنی ئەو پایە بەرزانەی پێشووی پیرخدریەکان بە نەوەکانیان تاکو ببێتە هاندەرێك بۆ بەدوواچوونی زیاتر لەبارەی بەسەرهاتی ئەوانەوە، لەوانەیە زۆر زانیاریی لای نەوەکانیان هەبێت و بڵاو نەکرابێتەوە، تاکو باس و لێکۆڵینەوەکان ببنە تەواوکەری یەکترو زانیاریی تەواوو پوختە لەبارەیانەوە بنووسرێت.

٦ . ئێمەی قەبیلە و تیرەو بنەماڵەکانی پیرخدری لە کوردستانی عێراقدا بۆ یەکەمجار وەکو عەشیرەتێکی یەکگرتوو لەدووای پرۆسەی ئازادیساڵی ٢٠٠٣ دا یەکمانگرتەوە بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانین بەکەرەستەکانی مامۆستا شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی کۆڵەکەیەکی گرنگی قەبیلەکەمان بنیاد بنێین کە ئەویشە نووسینەوەو کۆکردنەوەی مێژووی زانایان وشاعران وناوداران و صولەحاو عورەفای پیرخدرین، بە مەبەستی خزمەتکردنی، ئایین و نیشتمان و بەرز راگرتنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی.

مێژووی پەیدا بوونی قەبیلەی ساداتی پیر خدری دەگەرێتەوە بۆ پێشی ٨٠٠ ساڵ، کەباپیرەی هاوبەشی (الجد الجامع ) پیرخدریەکان (سەید محەمەد ی

کوڕی سەید مەحمودی مەدەنی) ناسراو بە (سید محمد الزاهد) یان (ظهیر الدین) لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لەبەغدادەوە چۆتە کوردستانی عێراق و لەپاشاندا بۆ کوردستانی ئێران لەناوچەی پایگەڵاندا جێگیر بووە، میر موقەڕەبەدینی سەلجووقی دێی قوتلوئاوای لەسەر خۆی وکوڕەکانی وەقف کردووە بۆیە شەرعیەتی نیشتەجێبوونی لەو ڕۆژەوە لەوێدا به دەست کەوتووە، مێژووی پەیدا بوونی ئەم قەبیلەیە شان بە شانی قەبیلەو عەشیرەتە دێرینەکانی کوردستانە، بەڵام لەبەر ئەوەی باپیرە گەورەی پیرخدری کە پیرخدری شاهۆیە لە مەراسیمێکی رەسمیدا خراوەتە ئاگرەوە و ئاگر نەیسووتاندووە لەبەر کەشف و کەراماتی، بۆیە کورو کوڕەزای پەیوەست بوونە بە ڕێگاکەیەوە، عەشیرەتیان موسڵمانان و ئەهلی تەصەووف بووە ناوەندی عەشیرەتیشیان مزگەوت و تەکیە و خانەقا بووە، بەناوی عەشیرەتەوە جەندرمەیەتی و شەڕو شوڕیان نەکردووە زۆربەیان مەلازادەو خاوەن تەکیە بوونە، کاتێك هاتوونەتە کوردستانی عێراقەوە بەتاك و خێزان هاتوون بە مەلایەتی و ئیرشادی ئایینی گەڕاون، هاتنیان وەکو قەبیلەی جاف و زەنگەنەو داوودە و عەشیرەتەکانی تر نەبووە ئەم عەشیرەتانە خاوەنی قەڵاو لەشکربوون لەکاتی شوێن گواستنەوەیان وەکو لەشکر هەموو پێکەوە بوون و ناوچەیەکی سنووردرایان بۆ خۆیان داناوەو پارێزگاریان لێکردووە کە ئەمڕۆ سنووری ئەو عەشیرەتانەن، بۆیە هەر بنەماڵەیەکی پیرخدری یان هەر چەند خێزان و بنەماڵەیەکیان لە سنووری یەکێ لە عەشیرەتەکانی کوردستانی عێراقدا نیشتەجێبوون لە پاشاندا بوونەتە خاوەن دێهاتی جیاجیا هەرتیرەیەك لە سنووری خۆیدا بەڵام وەکو عەشیرەت و هۆز سنوورێکی دیاریکراوی گەورەیان نیە، بۆ نموونە دێی گەرمکی گەرمیان بەتاپۆ موڵکی سەیدەکانی گەرمکی پیرخدریە لەنێوان سنووری هەردوو عەشیرەتی داوودەو گلدا، سەیدەکانی خانالی و شێخێلی پیرخدری لەسنووری عەشیرەتی جەباریدا خاوەن زەوی وزاری خۆیانن، سەیدەکانی تایگۆزی و یەناخی لەناو قەبیلەی گەورەی جافدان.

هەر تیرەیەکی پیرخدری وا نزیکەی ٣٠٠ ساڵ زیاترە هاوپەیمانن لەگەڵ نزیکترین عەشیرەتی کوردی لەوانەوە، بۆیە زانایان وشاعیرانی پیرخدری بەناوی شارو دێکانیانەوە ناسراون نەك بە ناوی پیرخدریەوە، وەکو مامۆستای دانەر شێخ حەسەن ئەبوبەکر کە گۆرانی و حوسەینی وکوردیی پێدەڵێن لە مێژووی ئیسلامدا، مامۆستا شێخ عارف و شێخ حەسەنی سەر بەنەوەکانی مامۆستا عەبدولکەریمی کوڕی ئەبوبەکری موصەنیف بە (چوڕی) ناسراون، کەچوڕ یەکێکە لە دێهاتەکانی کوردستانی ئێران،مامۆستا مەلا مستەفاو شاعیر مەولەوی ناسراو بەتایگۆزی بەناوبانگن، چونکە مەولەوی شاعیر نزیکایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ مەحموود پاشای جاف و میرەکانی تری جافدا هەبووە لە سنووری قەبیلەی ئەواندا بووە.

لەبەر ئەوهۆکارانەی کەباسمان کرد پیرخدریەکان لە کوردستانی عێراقدا وەکو تیرەو بنەماڵە پێکەوە بوونە نەك وەك و عەشیرەت، ڕێژەیەکی زۆری پیرخدری خۆیان بە بەرزنجی دەناساند چونکە بەرزنجە عەشیرەتێکی گردن لەبەر ئەوەی مەڵبەندی بووژاندنەوەیان لە ناحیەی بەرزنجەی سەر بەسلێمانیەو لە کوردستانی عێراقدا ئەم عەشیرەتە سەری هەڵداوە و لەبەر بوونی سەرکردەی سیاسیان ناسراو بوونە جگە لە مەقامی بەرزی تەریقەت و ناوداران و لەڕشتەی نەسەبدا لەگەڵ پیرخدریەکان یەکدەگرنەوە هەروەها بەهەمان شێوە لەگەڵ سەیدەکانی جەباری و مەردوخی وسادات و عەشیرەتەکانی تری کوردستاندا.

لەچەند ساڵانێکی سەردەمی پێشوودا ویستمان ناوی هۆزی ساداتی پیرخدری ڕابگەیەنین لەپاش ئەوەی لەلایەن چەند کەسێکی ماندوونەناسی پیرخدریەوە بەسەر تیرەو بنەماڵەکانی پیرخدریدا گەڕان لەکوردستان و ناوچەکانی گەرمیاندا و لەپاش پەیدا بوونی ئاشنایی وبەکتر ناسین لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراق ئەو دەرفەتە ڕەخسا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا یەکەم کۆبوونەوەی بەرفراوانمان لەشاری کەرکوك ئەنجامدا و لەپاشاندا لە دێی باخ وچەمی ڕەزان. مایەی پەرۆشی یەکتربینین و سەردانی یەکتری لەنێوان

نوێنەرانی تیرەو بنەماڵەکاندا و بەخشینی بڕی پارەو پوول هەر یەکە بەگوێرەی توانـای مـاددی خـۆی ئەنجامەکـەی دامەزرانـدنی (مەڵبەنـدی رۆشـنبیری و کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری) بوو لەشاری سلێمانی بەرەزامەندی وەزارەتـی نـاوخۆی حکومـەتی هـەرێمی سلێمانی ئەوکاتـە بە ژمـارە ١٥١٧٣ لـە بەرواری ٦ / ١٠/ ٢٠٠٥ دا و لەبـەرواری / / ٢٠٠٥ مەڵبەندەکـە کرایـەوە لـە ئاهـەنگێکی قەشـەنگدا بە ئامـادەبوونی بەڕێز (بـایز تاڵـەبانی) وەزیـری دارایـی کوردستان و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کردنەوەی ئەم مەڵبەنـدە و ئامادەبوونی لایەنەکانی حیزبی و شێخ عەشیرەت و رووناکبیران و خـەڵکێکی زۆر. لەگەڵ دەرکردنی گۆڤاری شاهۆ کە گۆڤارێکی وەرزی گشتیە چالاکیەکانی مەڵبەند و بابەتی هەمە رەنگ لەخۆ دەگرێت.

داواکـارین لـە خواوەنـدی مـەزن سـەرکەوتوومان بکـات لـەم کـارەدا بـەگوێرەی مەبەستی خۆمان لە یادکردنەوەو دووبارە نووسینەوەی مێژووی پیاوچاکانی سـەر بەرنامـەی ئـاینی خـوای مـەزن و ئـەم لێکۆڵینەوەیـەشمان ببێتـە سەرچاوەیەکی ناودارانی موسڵمانانی کورد، لـە نـەوەی رەمـزی خواپەرسـتی و سـەودای ئـاینی ئیـسلام و نیـشتمانی کوردسـتان (پیرخـدری شـاهۆ) ، تـاکو بـە دەوری خۆمـان، بـە بەرهەمـەکانی مێشك و پێنووسـی ئـەوان خزمـەتی ئـاین و نیشتمان و گەلەکەمان بکەین، لەم بوارەی کە ئەم جارە هەڵمان بژاردووە.

پارێزەر / ئەحمەد حەمید پیرخدری

سەید / ئەنوەر کـامل رەشید پیرخدری

٢٠٠٧

# ( مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی پیرخدری ) *

## ١٨٠٤ - ١٨٨٢ز



((عەقیدەکانی مەولەوی..ئەم ناونیشانەمان بۆ دەستخەتی ژمارە ٢٤٧٠٥ ی کتێبخانەی (د.ع.م) دانا، چونکە ئەم دەستخەتە سێ کتێبی مەولەوی تێدایە بەم جۆرە:

یەکەم : عەقیدەی مە رضیية. ئەم کتێبە لە سەرەتاوە تا باسی (مبحث الخلافه والامامه) ی تێدایەو لەباسی حەزرەتی عەلیدا دەستی لێهەڵگیراوە ،

دووەم : کتێبی فەوائیح. ئەم کتێبەیش دانراوی مەولەوییە و، نووسەرەوە لە سەرەتاوە تا باسی (النظره السادسه في بيان افضل الاصحاب ـ رضي الله عنهم اجمعين ـ) ی نووسیوەتەوەو لەوێدا دەستی لە نووسینەوەی ئەمیش هەڵگرتووە.

دواتر نووسخەیەکی ئەم کتێبەم بەدەستخەتی مەولەویی خۆی دۆزیەوەو پیشانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمم دا و، لە لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەدا سوودی باشی لێوەرگرت و، دوایی کتێبەکە چاپکراو لە لە پاشکۆی چاپەکەدا باسی ئەم دەسخەتە کراوە.

...سێیەم : عەقیدەی مەولەویی، کە لێرەدا بە (عەقیدەنامەی موختەصەری کوردیی) ناوی براوە....... دووای لێبوونەوەیشی لە نامیلکەکە ئەمە نووسراوە:

(تمت شد کتاب عقیده نامه مختصره، از کلام جنت مکان، مولانا مولوی المشهور فی الافاق اسمه عبدالرحیم . علیه الرحمه . فی سنه ثلاثمئه واحد عشر بعد الالف، في شهر شوال یوم حادي عشر، یوم الاربعاء وقت الغروب. اه من الموت اه))

(بەرگی یەکەم ل ١٢٤ ـ ١٢٥)

((دەستخەتی ژمارە ٨٢٨١ی کتێبخانەی (د. ع. م) کەشکۆڵێکە کەیەکێکە لە کەشکۆڵە رەنگینەکانی گەنجینەی دەستخەتە کوردییەکان، نووسەرەوەکەی ژیرانەو زیرەکانە بە پشوویەکی قووڵەوە بەرهەمی کۆمەڵێك کەڵەشاعیرانی گەلەکەمانی بە قەڵەمە ناسك و وردەکەی بۆ تومارکردووین. ئەوەی جێگەی خۆشنوودی و بەختەوەرییە ئەوەیە ئەم نووسەرەوە بەرێزە گوڵچنێکی هۆشیارو هەستیار بووە و زانیویەتی هەڵاڵەو بۆن و بەرامەی باخچەی کام شاعیر شیاوی هەڵمژین و گەڵاڵە کردن و هەڵگرتنە. بۆیە دەبینین لەبەرهەمەرەنگینەکەیدا بایەخی زۆری بە شاعیرانی وەك مەولەویی و.... وەفایی و... داوە.))

( بەرگی یەکەم ل ١٣٥ ـ ١٣٦)

" دیارە مەولەوی خۆی ئەم ناوەی (زوبدەی عەقیدە) ی، بۆ ئەم کتێبە داناوە، چونکە لە پاڵ بسم الله الرحمن الرحیم دا بە خەتێکی سوور نووسیویە: (کتاب موسوم بزبده العقیده بزبان کردی). ئێستە کەئەمە زانراوە، زانرا مەولەویی خۆی ئەم کتێبەی لە پوختەی ئەم عەقیدەدا داناوە، گومان بۆ ئەوە دەچێت لە پێشدا ئەمەیانی دانابێت و، دووایی لێی زیادکردبێت و بووبێت بە عەقیدەی مە رضیە کە، چونکە لەگەڵ ئەوەدا ناوی ئەم کتێبە (زوبدەی عەقیدە) یە سەرەتای

کتێبەکەیش بەو وشە دەست پێدەکات و دەڵێ: زوبدەی عەقیدەو خولاصەی کەلام هەر لە تۆو بۆ تۆش حەمدو سەنای تام"

( بەرگی دووەم ل ٣٧٨)

((کەشکۆڵی (شێخی حیسامەدین) گەنجینەیەکی دەستپێنەگەیشتووی ئەدەبی کوردییە...... ئەم کەشکۆڵە شیعری مەولەویی لە شیعری هەموو شاعیرانی دی زیاتر تێدایە و، بایەخێکی تەواوی بەدیوانی مەولەویی داوە و، لەسەرەتای شیعرەکانییەوە دەڵێ: (کلیات مولوی علیه الرحمه) و بەو وردەکارییەی خۆیەوە نووسیویەتییەوە، دیارە بۆکاری لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەوی نرخی ئەم کەشکۆڵە هەر تەواو نابێ، بۆ نموونە پارچە شیعری:

یار وەفادار شەرت و بەین بێ شۆ
چۆن نوور دیدەی مەعدوومیی مەبۆ
وەختێ بەندەی وێش وەی حاڵ وەچەم دی
ئەسرین وەچەمدا رێزاو پەشێو بێ

ئەم چوار خشتەکییەش لە چاپەکەدا نییە:

چێشەن دای مەخصەڵ دەور دیدەی مەست ؟
ئەی ئاماو لوا سەد قەضا پێشەن
ئارەزووت دڵ بی ئەوەڵ جارت بەرد
هەنی گیانەکەم مەگلەبت چێشەن؟ ))

(بەرگی چوارەم ل ١٨٣ - ١٩١)

((گوڵزارو بەهار . یش سەرچاوەیەکی دیکەی مێژووی ئەدەبی کوردییە.... یەکێك لەو شاعیرانەی بایەخێکی زۆری پێداوە مەولەوییەو، شیعرەکانی ئەم

شاعیرەی لە سەرچاوەیەك وەرگرتووە نایابترین سەرچاوەی دیوانی مەولەویی بووەو....))

( بەرگی پێنجەم ل١٥٩ - ١٦١)

(( (ریاض المشتاقین) یش سەرچاوەیەکی مێژووی ناودارانی کوردە... بۆ نموونە پیاوی وەك مەولەویی تاوگۆزیی ئێمە چەردەیەك لە باسی زانیاری و، تەڕدەستیی و، شیعر سوواریی و، دۆستەوازیی و، وەفاداریی و،.....دەزانین و، هەندێکی دەماودەم وەرگیراوەو نووسراوە، بەڵام مامۆستا مەلا حامید لە چەند دێڕێکی کورتدا باسێکی وا خەست و خۆڵ و چڕوپڕی رەوشتی مەولەویی دەکات لای کۆڕو کۆمەڵ و باس و خواستی ئەدیبانە و شاعیرانە و زانایانەی بووە و، شایەتی ئەنجامی گفت و گۆ و دوان و سەرکەوتن و بۆرش خوارن بووە، لای کەسی دی وانابینرێت. جا وەها باسێك لەکوێ و لای کێ دەستدەکەوێ ؟ بۆ نموونە گوێبگرە بزانە لەم رووەوە چی دەڵێ:

دووەم لە خەلیفەکانی شێخی سیراجەدین مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوییە، کە پیاوێکی بیر تیژو بلیمەتە، ئەم پیاوە لەخانەوادەی سەیدەکانەو رشتەی پشتی دەچێتەوە سەر مەلا ئەبوبەکری موصەننیف. مەولەویی پیاوێکە لە هەموو زانیارییەکاندا باڵادەست، بەتایبەتی لە هونەری هاوردو بردی قسەو موجادەلەدا کەس لێی ناباتەوە، لەتەك ئەوەیشدا گەلێك نەرم و نیان و بەویژدانەو، دان بە رێزو پلەی هاوەڵان و هاودەمانیدا دەنێ و، خۆی بەکەمترین و بچوکترین کەسی ئەم خانەوادە . نەقشبەندیی . دادەنێ و هەرگیز رەخنە لە زانایان و پیاوانی تەریقەت ناگرێ...))

( بەرگی پێنجەم ل ١٨٧ . ١٨٩)

- ناوی مەلا عەبدولڕەحیمی کوڕی سەید محەمەد سەعیدی کوڕی شەریف کوڕی مەحموود کوڕی یوسف جان کوڕی جەمالەدین کوڕی کەمالەدین کوڕی مەلا یوسف جان کوڕی مەولانا ئەبوبەکری موصەننیفی چۆڕیی پیرخدریە [1].

لە ساڵی ١٨٠٤ ز لە دێی (سەرشاتە) لەدایك بووە. نازناوی شیعریی (مەعدوومی) یە و بە (مەولەوی) ناسراوە، دەگەڕێتەوە سەر پیربابەزیدی کوری پیرخدری شاهۆ.

مەولەوی لەنێوەندی ئەو خێزانە ئایین پەروەرەی کە لە دایك بووە چاوی بۆدنیا هەڵهێناوە ، لە منداڵییەوە لەگەڵ باوکیدا چووە بۆ دێی بێژاوە لە ناوچەی هەڵەبجە، لە خزمەتی باوکیدا فێری قورئانی پیرۆز و کتێبە سەرەتاییەکانی فارسی و شەریعەت بووە،پاشان لەسەر شێوازی فەقێیەتی کوردستان لە (پاوە) ی ناوچەی هەورامانی لیۆن بووە ئینجا چووە بو (چۆڕ) لە مەریوان دوواجار بۆ (سنە) لە مزگەوتی (وەزیر) دامەزراوە لەپاشاندا بۆ (بانە) ئینجا گەرشاوەتەوە (سلێمانی) لە مزگەوتی (گەورە) دا دامەزراوە لە کاتی شێخ مەعرووف نۆدێدا کە ماموستا بووە لەو مزگەوتەدا. پاشان لە مزگەوتی (جامیعە) بووە لە هەڵەبجە، دووای چووەتە قەڵای جوانڕۆ لە لای مەلا محەمەدی قازی خوێندوویەتی، لە مزگەوتی (دار الاحسان) لە شاری (سنە) دامەزراوە، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی ئیجازەی لە ماموستا مەلا عەبدولڕەحمانی نۆتشەیی لو مزگەوتی (مەڵکەندی) وەرگرتووە. مەولەوی لەسەرەتای مەلایەتیدا لە (چروستانە) ی نزیك هەڵەبجە دامەزراوە،، دەرسی بە فەقێیان وتۆتەوە هەوای تەسەووف دەکەوێتە کەللەی و گوفتاری زەوقی ئەهلی مەعنا دەبێ. دەڕوا بۆ (تەوێڵە)، (گۆنە)، (شەمیران) [2]

مەولەوی لەگەڵ بەگزادەکانی جافدا دۆست بووە، گەلێك پەیوەندی خۆشی بووە لەگەڵ کەیخەسرەو بەگی مامی مەحموود پاشا و وەسمان پاشای جافدا، مەحموود پاشای جافیش زۆر رێزی لێدەگرێت.

لەساڵی ١٣٠٠ ك بەرامبەر بە ساڵی ١٨٨٢ ز کۆچی دووایی دەکات و لە گۆڕستانی (ئەسحابە) ی نزیك دێی (سەرشاتە) بە خاك دەسپێردرێت، هەزار

ڕەحمەت لە گۆڕی پڕ نووری. مەولەوی سێ برا دەبن (مەلا سەعید و مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی و مەلا یوسف)، لە پاش خۆی مەولەوی چوار کوڕی لە دووا بەجێدەمێنێ:

(سەید محەمەدی بچووك، سەید محەمەدی گەورە، سەید عەبدوڵڵا، مەلا هیدایەت). تیرەی مەولەوی تایگۆزی گەلێك زاناو مامۆستاو مەلای بەڕێزیان تێدایە وەکو مامۆستا مەلا سەید ئەحمەدی کوڕی سەید جەمیل خوتبەخوێنی مزگەوتی (شافعی) یە لە هەڵەبجەی شەهید، لەنەوەی مەولەوی شاعیرە.

مەبەستمان لە دەربڕینی ڕشتەی نەسەبی مەولەوی لابردنی ئەو گومانەیە کە لە (تاریخ السلیمانیە وانحائها) دانانی محەمەد ئەمین زەکی، گۆڕینی بۆ سەر عەرەبی ل ٢٦٥ کە دەڵێ:

(مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی لە عەشیرەتی (تاوگوزی . تاوغ گوزی) سەر بە قەزای هەڵەبجەیە)، لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێ: لە نەوەی (سەید پیرخدر شاهۆیی) ە، هەمان بۆ چوون لە کتێبی (معجم اعلام الکرد فی التاریخ الاسلامی والعصر الحدیث فی کردستان وخارجها) دانانی (د.محمد علی الصویرکی) بنکەی ژین لەسلێمانی ساڵی ٢٠٠٦، لە لاپەڕەی ٤٠٥ .٤٠٦ دا دیارە لەسەرچاوەی پێشووەوە وەریگرتووە دەڵێ: (مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی لە فرقەی (تاوگوزی . تاوغ گوزی) یە، یەکێکە لە فرقەکانی عەشیرەتی جاف کوردی ناسراو لە قەزای هەڵەبجەی سەر بە لیوای سلێمانی کوردستانی عێراق، لە ڕیوایەیەکی تردا لە بنەماڵەی چۆڕییە کە لە گوندی چوڕەوە نازناوەکە هاتووە یەکێکە لە دێهاتەکانی (مەریوان) لە نەوەی سەید پیرخدر شاهۆیە، کە سەرگەورەی ئەم بنەماڵانەیە.) . هەروەکو لە سەرەتای کتێبەکەدا باسی ئەوەمان کرد کە سەیدەکانی پیرخدری مەڵبەندی بووژاندنەوەیان کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، کە بەجیا جیا هاتوونەتە کوردستانی باشوور، هەر بنەماڵەیەکیان لە گەڵ عەشیرەتێك دانیشتوون، بۆیە بە درێژایی چەند سەدەیەك پیرخدرییەکان لە گەڵ ناسراویاندا بەڵام وەکو عەشیرەتێك پێکەوە نەبوون، ناسراون کە سەیدی

پیرخدرین بەڵام بە ناوی عەشیرەتی جیا جیاوە ناسراون، ئەوەبوو لەدووای پرۆسەی ئازادی عێراق یەکیان گرتەوە لە (مەڵبەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری) دا، بنەماڵەی مەولەوی ئەوانەی لەناوچەی تایگۆزیی جیگیربوون، پێیان دەڵێن: سەیدەکانی تایگۆزی، یان سەیدەکانی مەولەوی، دیارە ناوچەکەش سەر بەعەشیرەتی جاف گەورەیە.

لە سەر هەمان بابەت عباس العزاوی دەڵێ:

(مولوی، وهو عبدالرحیم وله شعر في اللغات الترکیه والعربیه والفارسیه وله کتاب في العقائد باللغه الکردیه والفارسیه... و (مولوی) الشاعر مرید الشیخ عثمان طویلة خلیفة الشیخ خالد النقشبندي، وله منزلة في الشعر الکردي،.. ومن قراهم (قری تاي گۆزی):

١ ـ سید کاکه أحمد ٢ ـ سید محمود ٣ ـ سید عبدالله) [٣]

لە ژمارەی (سفری) ٢٠٠٧ ز گۆڤاری (شاهۆ) دا کە گۆڤارێکی وەرزییە (مەڵبەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ساداتی پیرخدری) ی دەریدەکات، بابەتێکمان بڵاوکردەوە لە ژێر ناونیشانی (گوڵچنی شاعیرانی پیرخدری) بە ناوی (شاهۆ) وە، باسی پەیوەندییەکانی مەحموود پاشای جافمان کردووە لە گەڵ مەولەوی شاعیردا و نزیکایەتی و برادەری و دۆستایەتیان هەبووە، بەڵام مەولەوی خۆی رشتەی نەسەبی خۆی نووسیوەتەوە بەسەیدی پیرخدری، سەرەرای ئەو سەرچاوانەش کەباسمان کرد، سەرچاوە ئێرانییەکان دیسان دەیبەنە سەر پشتی پیرخدری شاهۆ وەکو:

کتێبی (بنەماڵەی پاکان یا بحر الانساب ئەحمەدی) بە پێنووسی مەحموود ئەحمەدی دێوڵانی، لە لاپەرەی ٩٥ رشتەی نەسەبی مەولەوی نووسیوە کە دەچێتەسەر مەلا یوسف جانی کوری ئەبوبەکری ،وصەننیف. دیسان لەسەرچاوە عەرەبییەکانی وڵاتانی عەرەبیشدا ناوی بەم شێوەیە هاتووە:

(الادیب والفیلسوف عبدالرحیم المولوی، من ابرز ادباء المنطقة في عهده وله مؤلفات حول الاصلاح الدیني والارشاد) [٤]، بروانه (تاریخ وبیوتات آل البیت في

بلاد الرافدين) فتحي عبدالقادر سلطان . دار المحجة البيضاء . عمان . الاردن . ل ۳۹۸، نـاوی لەگـەڵ پیرخدرییەکانـدا هـاتووە لـە پـاش نـاوی ئەبوبـەکری موصەننیف.

هەروە لە بارەی نەسەبیەوە هاتووە:

(هو عالم العصر و فريد الدهر السيد عبدالرحيم بن السيد سعيد بن السيد شريف بن السيد محمود بن السيد يوسف جان بن السيد جمال الدين بن السيد كمال الدين بن السيد ملا يوسف جان بن السيد حسن ابى بكر المشهور بالمصنف الچورى، من سلسه السيد محمد زاهد پير خضر الشاهوئى رحمهم الله تعالى) [٥].

(مەلا عەبدلڕەحیم (مەولەوی): لە عەشیرەتی (تاوەگۆزی) قەزای هەڵەبجەیە، بە ریوایەتێکی تر لە بنەماڵەی چۆڕیە و لە ئەحفادی سەید (پیرخچر) ی شاهۆییە، (چۆڕ) گوندێکی (مەریوان)ە کە تابعی وڵاتی سنەیە لەم بنەماڵەی چۆڕیە کە جدیان مەشهور پیرخدرشاهۆییە، زۆر عولەمای بەناوبانگ وەکو سەید ئەبوبەکری موصەنیف، سەید عەبدولکەریم، عەللامە سەید جامی پێگەیوە) [٦].

(معدومی تاوگۆزی) سید عبدالرحیم متخلص به (معدومی) و مشهور به (مولوی کرد) فرزند ملا سعید و أز نسل سید ملا ابوبکر مصنف چوری، به سال ۱۲۲۱ هـ. ق در ده (سرشاته) و در میان عشیره تاوگۆز جوانڕود متولد شده است....) [٧].

(السيد عبدالرحيم المولوى ولد عام ١٢٢٥ هـ فى قريه سرشاته فى السليمانيه من اسره علميه دينيه عريقه،... توفى رحمه الله فى مسقط راسه سرشاته عام ١٣٠٠ هـ و دفن فيها) [٨]

(وبين اساتذة جامعة الازهر الاسلامية عدد من الكرد، وقد ذكر لي عدد من الاسماء اسم عبدالسلام المارديني، وهو الكيميائي الذي ترك مخطوطة في هذا الموضوع، كما ان لدي كتابا يبحث في علم الكلام نشر في القاهرة عام ١٩٣٤ م ومؤلفة هو السيد عبدالرحيم الحسيني المعروف ب (المولوي)، واسمه الشعري

(معدومي) وهو كردي من سنه، وقد عاش في اواسط القرن التاسع عشر، ان قسما من مؤلفه هذا مكتوب باللغة الكردية (اللهجة الگورانيه)، والقسم الاخر باللغتين الفارسية والعربية. اما فيما يتعلق بناشر الكتاب (محي الدين صبري النعيمي) الذي يبدوا انه كردي من (سنه) ايضا، فقد درس في جامع الازهر ٣٦ عاما ونشر خلالها مؤلفات عديدة للرازي والغزالي وغيرهما)[٩].

- مامۆستا مەلا حامید لەو کەشکۆڵەی کەوا بەناوی (گوڵزارو بەهار) ەوە هاتووە دوو پاتی ئەوە دەکاتەوە کە مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی لە خانەوادەی سەیدەکانەو، ڕشتەی پشتی دەچێتەوە سەر مەولانائەبووبەکری موصەننیف [١٠]، موصەننیفیش ڕشتەی نەسەبی زانراوە دەگەڕێتەوە سەر سەید بایەزیدی کوڕی سەید محەمەد زاهدی ناسراو بە پیرخدری شاهۆ. مەلا حامید کاتبی شێخ بەم جۆرە مەولەوی لاواندووەتەوە:

اسمان گر خون ببارد بر وفات مولوى
زيبد ار برگ سيه پوشند اهل دنيوى
مجمع علم و عبادت، مخزن صدق و صفا
مظهر عقل و درايت ، مير ملك معنوى
پى روى شرعى محمد، شيخ اولادى حسين
سالك راه طريقت د ر طريق اخروي
فارس نظم قصايد د ر حقيقت در مجاز
ريزەخوار خوان جودش صد امير دهلوى
بهر تاريخ وفاتش ان قدر كرديم فكر
كاسمان (غش) كرد بر مرگ مولــوى

هەندێ جار ئەم ناوانەی کتێبەکانی مەولەوی شاعیر دووبارە دەبێتەوە، جارێکیان بەناوی (عەقیدەی مەولەوی) و جارێکی تر بەناوی (العقيده المرضية) و جارێکیش (زوبدەی عەقیدە) و والێرەدا بە (عەقیدە نامە) بۆیەکەم جار لە

ساڵی ١٣٥٢ ی کۆچیدا لە چاپخانەی السعادە لە وڵاتی مصر یەکەم بەرهەمی شیعریی لە چاپدراوە لەسەر ئەرکی (سید محی الدین صبری نعێمی) وەکو باسمان کرد، دیارە ئەوە یەکەم چاپی ئەو بەرهەمە بەنرخەی مەولەوی شاعیر بووە، نەك تەنها لەو کاتەدا کە نەك چاپەمەنی نەبووبێت یان زۆر بەدەگمەن بووە، بەڵکو کاغەزیش نەبووە تاکو لەسەری بنووسن، ئەو شیعرانەی مەولەوی و بەرهەمەکانی شاعیرانی تریشمان، لەم مزگەوت و لەو تەکیەو لە خانەقاو خوێندنگاکانی ئەو سەردەمەدا بە پەرتەوازەیی هەڵگیراون، کۆ کردنەوەی بەرهەمی شاعیرێك کە دیوانێکی کۆکراوە کارێکی ئاسان نەبووە، هەر بۆیەش ئەم کتێبەی شاعیری ناوبراو هەرجارێك ناوێکی لێنراوە، هەموو ئەو ناوانەش هێمان بۆ کتێبی عەقیدەی مەولەوی، کە یەکەم شاعیری بەرزی ئەم کوردستانەی خۆمانە لە تەصەووف و بەندایەتیدا.

وا لەپاش تێپەڕبوونی ٧٧ ساڵی رەبەق بەسەر یەکەم لە چاپدانی بەرهەمی مەولەوی شاعیردا ئێستاش هەر لە رێگای دەستخەتەکانەوە بەرهەمی شیعریی بڵاونەکراوەیان دەدۆزینەوە کە مامۆستای بەڕێز شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی پێشەوای چرا بەدەستی گۆڕەپانی تاریك و لێڵیی ئەدەبی کوردییە لەم بووارەدا، بەڕێزی لەم چوارینەی سەرەوەدا دەڵێ: لە چاپ نەدراوە. هەروەکو لە پێشاندا دووابەدووای مامۆستای قەرەداغی دووپاتی دەکەینەوە کە سامانێکی ئەدەبی و مێژووی گەورەمان قووت دراوە لە بەغدادا کۆ کراونەتەوە لە سەردەمی رژێمی بەعسی لەناوچوودا ئەو خانووە ناو نرابوو (دار صدام للمخطوطات) لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ناو نرا (دار العراق للمخطوطات)، لەبەر ئاڵۆزی بەغداد و نەفامی و نەزانیی تایفەگەریی لەعێراقدا ئەبێ هەوڵی گێڕانەوەی بۆ بدرێت بۆ کوردستان، یان بەلای کەمەوە، ئیستنساخی لەسەر بکرێت لە لایەنی لیژنەیەکی پسپۆری خۆمانەوەو بیانگێڕنەوە بۆ کوردستان و دابەشبکرێت بەسەر نووسەرادا بۆ لێکۆڵینەوەو لەچاپدانیان.

دیارە هەر ئەو مەلا حامدەی خاوەن کەشکۆڵی (گوڵزارو بەهار)، ئەم مەلا حامیدەی کاتبی شێخ بووە . دیارە شێخیش . یەکێکە لە شێخەکانی نەقشبەندیی . چونکە لەو پەخشانە جوانەی باسی مەولەوی تێدا دەکات ،لەکەشکۆڵەکەدا. ناوەڕۆکی شیعرەکەی بنەماڵەی زانیارانە

بەرهەمەکانی مەولەوی شاعیر ئەمانەی خوارەوەن:

١- الفضیلة: کتێبێکی عەقیدەیە بە شیعری عەرەبی پتر لە ٢٠٠٠ شیعرە بەشێوەیەکی جوان هۆنراوەتەوە و وێنەی لە عەرەبیدا زۆر کەمە ماموستای خوالێخۆشبوو عەبدولکەریمی مودەڕیس شەرحێکی تێرو تەسەلی لە سەر نووسیوە، لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە چاپخانەی الارشاد لە بەغداد لە چاپ دراوە.

٢- العقیدة المرضیة: کۆمەڵێك شیعری کوردییە لە ساڵی ١٢٥٢ ی کۆچیدا لە چاپخانەی (السعادە) لە میسر لە سەر ئەرکی (محێدین صەبری نعێمی) لە چاپ دراوە.

٣- دیوانی مەولەوی: کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس،چاپی یەکەمی ساڵی ١٣٨٠ك بەرامبەر ١٩٦١ ز چاپخانەی النجاح - بەغداد. چاپی دووەمی لە ساڵی ١٣٨٠ ك چاپخانەی میللی ئێران

٤- دیوانی مەولەوی لەسەرزاراوەی سلێمانی، کۆکردنەوەی کاکەی فەلاح،

٥- عەقیدەی مەولەوی: نامیلکەیەکە بریتییە لە ١١٠ شیعر، ماموستا شیخ محەمەد عەلی قەرەداغی لە سەری نووسیویەو بەچاپی گەیاندووە.

٦- کتێبی (الفوائح) کۆمەڵێك شیعرە بە زمانی فارسی

مەولەویی لە لاواندنەوەی کۆچی دوایی عەنبەر خاتوونی خێزانیدا دەڵێ:

دووریت دیارەن چەند ساحب ئێشەن

تۆی دەرون وەخار ئێشێ و تەڕ ریشەن

هەرچی بووینون شێوەی تۆ پێشەن

دڵ وەهەتیتەی حەسەرەتدا کێشـەن
هەر ماهێ ئەو بۆ حاڵم پەشێوەن
نەشەو راحەتم ، نە رۆژ دڵشـادم
شەو زوڵف و رۆ رووت مەوزۆ ئەو یادم
شمشادو نەکەس وەنەوشەی چەمەن
ئادمارۆ یە وێر تەرزەکەی باڵات
ئەو دیدەی مەستت، ئێد خاڵ ئاڵات
سۆ چنۆم حەسرەت دەرد جیاییـت
نەک چۆن بڵێسەی یاد تەنیاییت
وە مەرگت دیدەم، هام نەگو زەرد
منێ لام لای تۆن ئارۆ یافەردا
موترب مەقامێ دەردم ناچارەن
ساقیت یا جامێ دۆس ئینتیزارەن

**کاکەی فەلاح لە مەدحی مەولەویدا دەڵێ:** [١١]

لە گیانی پاکی مەولەوی دانا
ئەوەی هەڵبەستی ناسکی دانا
مژدەبێ ئەوا دیوانی شیعری
دەرچوو ئەگەڕێ بە ناو کوردانا

بۆزیاتر زانین لە شیعری هەست و سۆزی مەولەوی، بۆ ئاشنا بوون لە باری ژیانی، بخوێنەوە: دیوانی مەولەوی لە کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی عەبدلکەریمی مودەڕیس. [١٢]

**سەرچاوەکان:**

* ـ بڕوانە:
{١ ـ اسهام علماء كردستان العراق ص ١٦٠
٢ ـ بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی ١ ل ٢٣٩
٣ ـ بنەماڵەی زانیاران ل ٥١١
٤ ـ تاریخی سلێمانی،ل ٢٦٥
٥ ـ تاريخ مشاهير كرد ج ١ ص ٦٦
٦ ـ دەقەکانی ئەدەبی کوردی: شێخ عەلادین سەجادی ل ٨٩
٧ ـ دیوانی مەولەوی
٨ ـ رساله مختصره عن السيد محمد الزاهد ص ٢٧
٩ ـ عەقیدەی مەولەوی: شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی
١٠ ـ عشائرالعراق: عباس العزاوی، ج٢ ص ٥٩ ـ ٦٠
١١ ـ علماؤنا ص٢٨٦ ـ ٢٨٨
١٢ـ القبائل والبيوتات والاعلام ص ١٣٢
١٣ ـ مشاهير الكرد وكردستان ج ٢ ص ٢٣
١٤ ـ معجم المؤلفين
١٥ ـ الوسيلة في شرح الفضيلة ص ٨٢٧ ـ ٨٣٠
١٦ ـ یادی مەردان، بەرگی ٢ ل ٣٦٢ }

١ ـ بنەماڵەی زانیاران ل ٥٢٠ (دەقی شەجەرەی مەولەوی)
٢ ـ سەرچاوەی پێشوو ل ٥١٥
٣ ـ عشائر العراق: عباس العزاوی، ج ٢ ص ٥٩ ـ ٦٠
٤ ـ تاريخ وبيوتات ال البيت في بلاد الرافدين) فتحي عبدالقادر سلطان ـ دار المحجة البيضاء ـ عمان ـ الاردن ـ ل ٣٩٨
٥ ـ علماؤنا ص ٢٨٦

٦ ـ تاریخی سلێمانی وه وڵاتی) محەمەد ئەمین زەکی بەگ، بەرگی ٣ ل ١٩٣

٧ ـ تاریخ مشاهیر کرد " بابا مردوخ روحانی (شیوا) ل ٤٦٨.

٨ ـ رساله مختصره عن سیره و أحفاد السید محمد الزاهد المحامی احمد حمید پیرخضری والسید أنور کامل پیرخضری) ص٢٧

٩ ـ الکرد دراسه سوسیولوجیه وتاریخیه: باسیلین نیکتین ساڵی ١٩١٥ . ١٩١٨ ز، دکتۆر نوری تاڵەبانی له ١٩٩٨ ز دا کردوویه به عەرەبی لاپەڕە ٣٣٨.

١٠ ـ بنەماڵەی زانیاران ل ٥١٧

١١ ـ دیوانی مەولەوی: کاکەی فەلاح

١٢ ـ دیوانی مەولەوی: مەلا عەبدلکەریمی مودەڕیس، بڵاوکەرەوە کوردستان (انتشارات کردستان) ١٣٨٢ ه

# ( مەلا محەمەدی کوری مەولەوی ( پیرخدری )
## ١٢٧٣ ك لە ژیاندا بووە

(( (١١٣٠٢) (د. ع) ئـەم دانـراوەی مامۆسـتا مـەلا حـەمزەی باسـنیٚ چـەند نوسخەیەکی هەیە . وەکو .:

الاجرومیە لە عیلمی نەحودا. دەبیٚ لە پەنای ئەمەدا ئەوە لەبیر نەکەم کە ئەم کۆمەڵـە دانـراوە لـە کـاتی تەجلید کردنـدا تیٚکـەڵ و پیٚکـەڵ کـراوەو وادیـارە بـە موناسەبەو بیٚ موناسەبە شت کۆکراوەتەوە و گشتیان بەیەکەوە تەجلید کراون، لە سەر لاپەرەی یەکەمی نووسراوە (کتبە محمد ابن المعدوم (التـایجوزی) واتـە: محەمـەدی کوری مەعـدووم (مەولـەوی) تـاوگۆزی نووسـیویەتیەوە، ئـەم دانـراوە ساڵی ١٢٧٣ نووسراوەتەوە))

( بەرگی چوارەم ل ١٠٤)

- ناوی مەلا سـەید محەمـەدە برای سـەید سـەعدوڵڵاو سـەید هیدایـەت و سـەید محەمـەد، دووبـرا ناویـان سـەید محەمـەدە، سـەید محەمـەدی گـەورەو سـەید محەمەدی بچووك نازانین ئەمیان سەید محەمەدی گەورەیە یان بچوك کـوڕی مـەلا سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی کوڕی سەید سەعید کوڕی سەید شـەریف کـوڕی سەید مەحمود کوڕی یوسف جان کوڕی جەمالەدین کوڕی کەمالەدین کوڕی مەلا یوسف جانی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف. [1]

دیارە ئـەم سـەید محەمـەدە لـە سـاڵی ١٢٧٣ ك دا لـە ژیانـدا بـووە بـە گـوێرەی مێژووی دەستخەتەکە.

سـەید محەمـەدی کـوڕی مەولـەوی کـوڕێکی دەبـیٚ بـەناوی شـێخ محەمـەد سـەعیدی کـوری سـەید محەمـەدی کـوری مـەلا عەبـدولرەحیمی ناسـراو بـە

مەولەوییە، ساڵی ١٢٩٠ك لە مەنزڵگای مەولەوی باپیریدا لە گوندی (سەرشاتە) ی سەر گوێ چەمی سیروان لە دایك بووە.لە پاش تەمەنی ساویلکەیی گەشتی خۆی بە ئامانج گەیاند لە خانەقاکانی کوردستاندا، فێری قورئانی پیرۆز و نووسراوە ئەدەبییەکان بووە. لە پاشاندا زانستیی زمانی عەرەبی کردۆتە بەرنامەی فێربوونی خۆی، چووەتە بیارە کە مەڵبەندی هە ردوو تیشکی دنیاو قیامەت بووە، لای شێخ عومەری بیارە ماوەتەوە. لەبەر ئەوەی پیاوێکی ژیرو زانیاری لێ دەرچوو و لە خانەوادەی ساداتی مەولەوی بوو شێخ عەلادین کچێکی خۆی لێ مارە کرد، کورێکی لێ بوو، بەڵام بە منداڵی وەفاتی کرد و لەپاشاندا دایکیشی هەر وەفاتی کرد.

شێخ محەمەد سەعید لە پاشاندا چووەتە دێی (شەمیران) خوشکی محەمەد سان ئەحمەدی هێناوە، لە پاش وەفاتی ئەم خێزانەشی چووەتە گوندی (گوندە) ی عەشیرەتی نەورۆلیی کچی شێخ عەلی مارە کردووە کە لە سەیدەکانی گوندی (بێلەنگە) ی نزیك هەڵەبجەیە، دوو کوری لێ بووە بەناوی: سەید محەمەد و سەید هادییەوە، مامۆستا لە ساڵی ١٣٦٠ ك کۆچی دوایی کردووە، لە دێی گوندە بە خاك سپێراوە، بەر رەحمەتی خواوەند بکەوێ لە گەڵ سەرجەم موسڵماناندا. [٢]

**سەرچاوەکان:**

١ ـ بنەماڵەی زانیاران ل ٥٢٠

٢ ـ علماؤنا ص ٥٤٩

# شێخ محەمەدی خاڵی دووەمی ( پیرخدری )*

١٩٠٤ - ١٩٨٩ ز



((ماموستای خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبەکەی موفتی زەهاویدا ئەم باسە دەگێڕێتەوە.......))

بەرگی دووەم ل ٧٦

((یەکەم: ماموستا شێخ محەمەدی خاڵ. خودا لێی خۆشبێت. پاش پرسیارو گەڕان و هەوڵ و کۆششێکی زۆر وتارێکی دەربارەی شێخەوڵای خەرپانیی نووسیوە....))

( بەرگی سێیەم ل ٥٧)

((..... بۆ ئەم سەرچاوە نوێیانە و ئەو کەسانەی سوودم لێ وەرگرتوون ئەم ناونیشانانەم داناوە: ١ ..... / خ کتێبخانەی ماموستا شێخ محەمەدی خاڵ...))

( بەرگی حەوتەم ل٧ )

# سەرچاوەکان

١ ـ اسناد الاعلام الى حضرة سيد الأنام: الشيخ عبدالكريم المدرس، ١٩٩٥م
٢ ـ أعلام كرد العراق: جمال بابان
٣ ـ اسهام علماء كردستان العراق في الثقافة الاسلامية : محمد زكي حسين أحمد (رسالة ماجستير)
٤ ـ بانگەوازێك بۆ رووناكبيرانی كورد: عبدالرقيب يوسف، ١٩٨٥
٥ ـ بحرالانساب احمدى يا (بنەماڵەی پاكان):محمود احمدی دێ وڵانی،كوردستان،ئێران
٦ ـ بەحرولئەنسابی (الاشرفيه) دانانی مەحمود شورجه
٧ ـ بنەماڵەی زانياران: شێخ عەبدلكەريمی مودەڕیس
٨ ـ بنەماڵەی ساداتی مەلایی: شێخ عوسمان قادر
٩ ـ بنەماڵەی شێخ ئەمينی خاڵ: شێخ محەمەدی خاڵ (دەستخەت).
١٠ ـ بووژاندنەوەی مێژووی زانايانی كورد لە رێگەی دەستخەتەكانيانەوە: شێخ محەمەد عەلی قەرەداغی، ٧ بەرگ.
١١ ـ تاريخ وبيوتات آل البيت في بلاد الرافدين: فتحي عبدالقادر سلطان.بيروت لبنان ٢٠٠٢
١٢ ـ تاريخ علماء بغداد: الشيخ يونس ابراهيم السامرائي
١٣ـ تاريخی سلێمانی وه وڵاتی: محمد امين زكی بگ، بەرگی ٣،
١٤ ـ تاريخ مشاهير الكرد بابامردۆخ روحانی (شێوا)
١٥ ـ تاريخ مشاهير الالويه العراقيه ـ لواو كركوك: عبدالمجيد فهمی حسن، عام ١٩٤٧
١٦ ـ التعريف بمساجد السليمانيه:محمد القزلجی

١٧ ـ توێژینەوەیەك لە پێنج بەهرەی نەجمەدین مەلا: مستەفا نەریمان، ساڵی ١٩٧٩

١٨ ـ چمكێكی مێژووی هەورامان و مەریوان وەرگێڕانی محەمەدی مەلا كەریم

١٩ ـ دەستخەتی (مختصر المناقب):

٢٠ ـ دوا ماڵئاوایی: شێرۆ موفتی. ١٩٩٢

٢١ ـ دیوانی بێخود محەمەدی مەلا كەریم.

٢٢ـ دیوانی شاهۆ: محمد أمین كاردۆخی، بەرگی ١

٢٣ ـ دیوانی شاهۆ: محمد أمین كاردۆخی، بەرگی ٢

٢٤ ـ دیوانی رەنجووری: محەمەد عەلی قەرەداغی، ١٩٨٢

٢٥ ـ دیوانی مەولەوی كاكەی فەلاح

٢٦ ـ دیوانی مەولەوی: مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، چاپی دووەم، ١٣٨٢ ك.

٢٧ـ دیوانی عارف عورفی: ئومێد كاكە رەش، ١٩٨٥.

٢٨ ـ دیوانی شێخ نوری شێخ صالح: ئازاد عەبدولواحید ل ٣٧.

٢٩ ـ رساله مختصره عن سیره السید محمد الزاهد، المحامی أحمد حمید پیرخضری و السید انور كامل الپیرخضری،عام ٢٠٠٢

٣٠ ـ ریشه پاك : سید هاشم هدایتی.سنندج

٣١ ـ ژوانگەی سەروەران: شەهیدی سەركردە شێخ محەمەد سەنگاوی پیرخدری. ٢٠٠٧. مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری كۆمەڵی ئیسلامی پێشەكی بۆ نووسیوە، لە پاش شەهید بوونی دانەر لە چاپدراوە.

٣٢ ـ سەرچاوەی بێگەرد بۆ ناسینی مەرد:حاجی شێخ نوری باباعەلی، ٢٠٠١

٣٣ ـ سراج الطریق، ابوبكر المصنف (دەستخەت)

٣٤ ـ سلێمانی شارە گەشاوەكەم: جەمال بابان، ٣ بەرگ

٣٥ ـ سلك الدرر: المرادی

٣٦ ـ العشائر العراقيه: عباس العزاوي
٣٧: العشائر العراقيه: ثامر العامري
٣٨ ـ علماؤنا في خدمة العلم والدين: الشيخ عبدالكريم المدرس
٣٩ ـ علماء ومدارس في أربيل:زبير بلال اسماعيل، عام ١٩٨٤
٤٠ ـ القبائل والبيوتات الهاشمية في العراق: يونس ابراهيم السامرائي،١٩٨٨
٤١ ـ القبائل والبيوتات والاعلام في شمال العراق: الشيخ يونس ابراهيم السامرائي، عام ١٩٨٥
٤٢ ـ القبائل العراقية: الشيخ يونس ابراهيم السامرائي ج ١ /٣٤٧
٤٣ ـ كرد ترك عرب : سي جي أدمونز، ترجمة جرجيس فتح الله،دەربارەی گەشتەکەی ئەدمۆنز بۆ کوردستانی عێراق لە ساڵانی ١٩١٩ ـ ١٩٢٥.
٤٤ ـ الكرد دراسه سوسيولوجيه و تاريخيه: باسيلين نكتين ١٩١٥ ـ ١٩١٨، ترجمه الدكتور نوری الگالبانی
٤٥ ـ کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردەواری: محەمەد عەلی قەرەداغی، ٤ بەرگ

٤٦ ـ گەنجینەی مەردان و یاداشتی رۆژانی دەربەدەری: مەلا عەبدوڵای زێوەر، ١٩٨٥.
٤٧ ـ کورتەیەك لەسەر مێژووی ساداتی پیرخدری کوردستان: شێخ علاءالدین رضا محمد بانی مۆرد ـ پیرخدری.
٤٨ . کورتەیەك دەربارەی بنەماڵەی شێخ ئیسماعیلی عەواڵان، باوکی ئەحمەد: شەهیدی سەرکردە شێخ محەمەد سەنگاوی پیرخدری،ساڵی ١٩٩٨
٤٩ ـ گۆڤاری بەیان ژمارە ١٣٦
٥٠ ـ مجلة التراث العلمي العربي، العدد ١٤٢٢/ ٢٠٠١ م
٥١ ـ مجله المشكاه، العدد ١١٠

٥٢ ـ مراكـز ثقافيـة مغمـورة في كردسـتان: الـدكتور عمـاد عبدالـسلام رؤوف، ١٩٩٧

٥٣ ـ مشاهير الكرد وكردستان: محمد أمين زكي عام ١٩٤٥، جزء ١.

٥٤ ـ مشاهير الكرد وكردستان: محمد أمين زكي عام ١٩٤٥، جزء ٢.

٥٥ ـ المشاهد المشرفه:حسين أبو سعيده ج ١ /٤٧.

٥٦ ـ مشاهير الكرد وكردستان، محمد امين زكي

٥٧ ـ الشيخ معروف النودهي: محمد الخال

٥٨ ـ معجم العامري: ثامرالعامري

٥٩ ـ مخطوطة مختصر المناقب، للسيد جعفر البيرخضري

٦٠ ـ نور الانوار في ذراري سيد المختار: عبدالصمد توداري

٦١ ـ الوسيلة في شرح الفضيلة: الشيخ عبدالكريد المدرس

٦٢ ـ هـۆزی سـەیدەکانی گـەرمکی گـەرمیان: سـەید ئەحمـەد حەمید گـەرمکی پیرخدری، ساڵی ١٩٩٠

٦٣ ـ یـادی مـەردان: شـێخ عەبدلکـەریمی مـودەڕیس، بـەرگی دووەم، سـاڵی ١٩٨٣.

٦٤ ـ یادی عەبدلڕەحمان موفتی: ئەو کۆمەڵە وتارانەی لە ڕۆژی ١ / ٨ / ١٩٩٦ لە چلەی ماتەمینیدا خوێنرانەوە.

## پێڕست



| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | پێشەکی | ٦ |
| ٢. | سەید محەمەد زاهد (پیرخدری شاهۆ) | ١٤ |
| ٣. | بابا شێخ ئەحمەدی باینجۆیی | ٣٧ |
| ٤. | مەلا ئەحمەدی پاشبەردی تەوەکڵیی | ٤٢ |
| ٥. | سەید ئەحمەدی قەیتوولی تاوگۆزیی | ٥١ |
| ٦. | مەولانا مەلا ئیلیاسی کەڵاتی | ٥٧ |
| ٧. | شێخ ئیسماعیلی عەبداڵانی | ٦٢ |
| ٨. | ئیسماعیل چۆڕی | ٦٨ |
| ٩. | حاجی شێخ ئەمینی خاڵ | ٦٩ |
| ١٠. | شێخ حەسەنی شێخ ئەحمەدی سەردی | ٧٣ |
| ١١. | شێخ حەسەنی گۆڕانی (مەلا ئەبوبەکری موصەنیف) | ٧٦ |
| ١٢. | مەلا حەسەنی قازی (شاهۆی شاعیر) | ٩٦ |
| ١٣. | سەید حەسەنی کوڕی سەید عەباسی پیرخدری | ١٠١ |
| ١٤. | سەید حەسەنی چۆڕی | ١٠٤ |
| ١٥. | مەلا جامی چۆڕی کوڕی عەبدلکەریمی موصەنیف | ١١٢ |
| ١٦. | مەلا جامی کوڕی مەلا مەحمود جان | ١١٥ |
| ١٧. | سەید ڕەسولی کوڕی مەولانا خضری شاهۆیی | ١١٧ |
| ١٨. | سەید سەعدەدینی باینجۆیی | ١١٨ |
| ١٩. | سەید صادقی کوڕی ڕەسولی کوڕی عەبدلمەلیکی پیرخضری | ١٢١ |
| ٢٠. | ماموٚستا مەلا تاهای بالیسانی پیرخدری | ١٢٣ |
| ٢١. | مەلا عەبدلحەکیم ناسراو بە (مەهجوری کوردستانی) | ١٢٧ |
| ٢٢. | مەلا عەبدلعەزیز موفتی پیرخدری | ١٣١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣. | سەید عوبدلعەزیز کوڕی شێخ موحسن | ١٣٦ |
| ٢٤. | مەلا عەبدلغەفور کوڕی مەلا جامی کوڕی مەحمودجان | ١٣٨ |
| ٢٥. | عەبدلقادری کوڕی شێخ عەبدوڵای عەبداڵانی پیرخدری | ١٣٩ |
| ٢٦. | شێخ عصامەدینی عەبداڵانی پیرخدری | ١٤٣ |
| ٢٧. | مەلا سەید عەتاڵای چوڕی | ١٤٩ |
| ٢٨. | ماموّستا عەبدلرەحمان موفتی پیرخدری (شێروّ) | ١٥١ |
| ٢٩. | مەلا عەبدلڕەحیم (وەفایی شاعیر) پیرخدری | ١٥٥ |
| ٣٠. | مەلا عەبدلرەحیم (مەولەوی شاعیر) پیرخدری | ١٦٠ |
| ٣١. | مەلا عەبدلکەریمی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف | ١٧٤ |
| ٣٢. | سەید عەبدوڵای مەئالی پیرخدری | ١٧٩ |
| ٣٣. | شێخ عەبدوڵای شێخ یوسف پیرخدری | ١٨٥ |
| ٣٤. | مەلا عەبدلقادر کانیکەوەیی مودەڕیس پیرخدری | ١٨٧ |
| ٣٥. | ئەنجامی لێکوّڵینەوەی نەسەبی مەلا عەبدلقادری مودەڕیس | ١٩٢ |
| ٣٦. | مەلا محەمەد ئەمین موفتی پیرخدری | ١٩٥ |
| ٣٧. | شێخ محەمەدی خاڵی یەکەم پیرخدری | ١٩٩ |
| ٣٨. | ئاغا سەید محەمەد چوڕی پیرخدری | ٢٠١ |
| ٣٩. | مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف پیرخدری | ٢٠٣ |
| ٤٠. | مەلا محەمەدی مەزناوی پیرخدری | ٢٠٦ |
| ٤١. | مەلا محەمەدی کوڕی مەلا شێخ تاهای بالیسانی پیرخدری | ٢١٠ |
| ٤٢. | مەلا محەمەدی کوڕی مەولەوی پیرخدری | ٢١٤ |
| ٤٣. | شێخ محەمەدی خاڵی یەکەمی پیرخدری | ٢١٦ |
| ٤٤. | سەید محەمەدی شێخ موحسینی گاپیلۆنی پیرخدری | ٢٢٢ |
| ٤٥. | مەلا محەمەدی جوانڕۆیی پیرخدری | ٢٢٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٦. | شێخ محەمەدی شێخ یوسفی پیرخدری | ٢٢٨ |
| ٤٧. | مەلا مەحمود جانی کوڕی ئەبوبەکری موصەنیف پیرخدری | ٢٣٣ |
| ٤٨. | مەلا مەحمودی مەزناوی پیرخدری | ٢٣٦ |
| ٤٩. | مەلا مەحمود (بێخود) پیرخدری | ٢٤٧ |
| ٥٠. | سەید مصتەفای باینجۆیی پیرخدری | ٢٥٢ |
| ٥١. | سەید مصتەفای سەید حەسەنی پیرخدری | ٢٥٣ |
| ٥٢. | مەولانا مەلا مصتەفای پیرخدری | ٢٥٤ |
| ٥٣. | مەلا موسای تەوەکەڵی پیرخدری | ٢٥٥ |
| ٥٤. | نەجمەدین مەلا پیرخدری | ٢٦٦ |
| ٥٥. | مەلا یوسف جانی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موصەنیف پیرخدری | ٢٧١ |
| ٥٦. | شێخ یوسفی سنەیی پیرخدری | ٢٧٧ |
| ٥٧. | سەرچاوەکان | ٢٨٤ |
| ٥٨. | پێڕست | ٢٨٨ |

# زانایانی پیرخدری









